# ئەو کاتەی  گیان لەدەستدانی مرۆڤەکان دەبێتە ژمارەیەک.

مەحمود محەمەد عوسمان
m_o_osman@hotmail.com

ئەو پێناسەی کە زانا سیاسییەکان پشتی پێدەبەستن بۆ شەڕی ناوخۆ ( الحرب الاهلیە)، بەم شێوەیە ( شەڕی ناوخۆ ئەو کێشمەکێشە سەربازیە ناوخۆییەیە کە دەبێتە هۆی کوشتنی هەزار کەس لە ماوەی ساڵێکدا، بەم پێناسەیە بێت، عێراق، شەڕی ناوخۆی تێپەڕاندووە )

جیفیری نانبیرج، مامۆستای زمان لە قوتابخانەی بیرکلی بۆ زانیارەکان و دانەری کتێبی ( مافی قسەکردن).

ئارەزووم نەبوو لەسەر مەسەلەی  وابنووسم، هەر ژمارەیەک بدرێت بۆ سەرژمێرکردنی قوربانیان یان ونبووان، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکە بۆ دوورکەوتنەوە لەم بوونە کۆمەڵایەتییە موقەدەسە. دیقەت بدەن، مرۆڤ، بە هەموو ئاوات و تێروانینەکانیەوە، بە هەموو خەون و بیرکردنەوەکانی، بە هەموو توانە فیکری و توانا بازووەکەیەوە، لەم رۆژگارانەدا دەبێتە ژمارەیەک.

هەریەک لەم ژمارانە، بوونێکی کۆمەڵایەتی و لەناو کۆمەڵی پێوەندی شەخسی و کۆمەڵدا دەژی، و تاکێک نییە دوور بێت یان موجەڕەد بێت. لە دوای خۆیشی ، پێوەندیەکانی، کار و هەڵسوکەوتەکانی جێگە و ڕێگەی دەبێت چ لە ناو خانەوادەی و چ لە ناو کۆمەڵگە. و بەفەنا بوونی، کۆمەڵێک لە دەردە دەروونییەکان و گیروگرفتی ئابووری  وکۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات بۆ پێوەندیدارەکانی کە جارێکی تر و بەشێوەیەکی تر سەختتر دەبێت، بەتایەبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەک عێراق، و بەتایبەتیش ئەو کەسانەی کە ڕوو لە شوێنی کار دەکەن بۆ هەڕاجکردنی هێزی کاریان و هۆشیان لای هاوسەر و منداڵەکانیانە و لەبەردەم خۆیانەو ئەم ڕستەیە دەڵێنەوە ( بشێ ئەم ئێوارە سفرەکەیان جوان بکەم بە خواردنی خۆش و وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە کە لە چاوانیاندا دەیخوێنمەوە).

لەم دونیایەدا هەندێ جاریش ژمارە بە زۆری و کەمی نییە، ژمارەیەک کە پشتی بە سیاسەتی دەسلاتداران بەستبێت و هێزی ئابووری لە پشت بێت و مێژوویش بەکار بهێنن و هەندێ جاریش مێژوو بۆ خۆی لە خزمەتیدا بێت، ئەگەر ژمارەکەیش کەم بێت بەڵام هێزی پێدەدرێت.  ئاخر لە ژیانیشدا جێگە و ڕێگەی مرۆڤەکان جیاوازە و بەرژەوەندی هەیە و ئەم دەستەواژەیە بە بەردەوامی دەیڵێنەوە.

لە دادگایکردنی سەدام کێسی 148 کەس خەڵکی دوجەیل کە بەدەستی ڕژێمەکەی سەدام گیانیان لەدەستدا، (بەقەد قوربانی یەک دێیە لە کوردستان)، بەڵام پێش هەموو قوربانیانی ئەنفال و کیمیاوی باران کەوت و لە ئەنجامدا  لەسەر ئەو کێسە سەدامیان  لە سێداردا. ئەمەیە هێزی سیاسی و بەرژەوەندی دەسەڵات و نامەیەکە بۆ هەموو قوربانیان کەوا بە زۆر و کەمی قوربانیان نییە، و نامەیەکە کە لاوازی دەسەڵاتی کوردی پێشاندەدات.

ئامار لایەنێکی مرۆڤایەتی لە خۆ دەگرێت، کە باس لە قوربانیان بکەین، و ئامارێکی درووستمان بەدەستەوە نەبێت ئەوا ژیان و مردنی خەڵک بە ئارەزووی خۆمان دەبێت. ئەگەر کەم بڵێن، کەوابوو سەدان یان هەزارەها کە گیانیان لەدەستداوە باس ناکرێن، و ئەگەر زۆر بڵێن،( ئەوا سەدان و هەزارەها دمرێنین بە بێ ئەوەی بوونیان هەبێت. ئەم نەبوونی ئامارە کێشەیەکی ئەخلاقیە بە بێ ئەوەی پێبزانین و هەموو رۆژێ دووبارەی دەکەینەوە). ئامار بۆ هەموو لایەنێکی ژیان یەکێکە لە بنەماکانی پێشکەوتن و یاریدەدەرە بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە.

ئەو ژمارانەی کە بە ئاسانی دێتە سەر زار، یان سەرەتای  ژمارەیەکی زۆرە، یان ئەو ژمارەیەی  لە یادێکدا ڕێکدەکەوێت، شوێن و جێگەیەکی تایبەتی دەبێت.

داسینن دۆنیکای تەمەن 22 ساڵ، کە لە دواهەمین ڕۆژی ساڵی 2006 گیانی لەدەستدا، ژمارەی قوربانیانی سوپای ئەمریکی گەیاندە 3000، ئیتر بە سەرۆک و بە هەموو دامو دەزگاکانی ئەمریکا باس لەم سەربازە

کرا، ژمارەکە بووە ژمارەیەکی ڕێک و لە کۆتای ساڵدا بوو و بووە بەشێک لە مێژوو، بەڵام باس لەو 2999 سەربازەی ئەمریکا ناکرێت.
ئەم ئامارەی خوارەوە، لە داهێنانی من نییە و لە بڵاوکەرەوەکانی ئەنتی ئەمریکییەکان نییە . زادەی دەنگوباس و لێکۆڵینەوەکانی خودی دەزگاکانی جیهان و ئەمریکایە، بزانین لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا چۆن گیان لەدەستدانی ئەمانە بووەتە ژمارە وچەند قەوارەکە گەورەیە. عەرەب دەڵێت( والحبل على الجرار ) ( پەتەکە لەسەر خولخوولۆکەکەیە)، ئەم بارودۆخە هەر بەردەوامە.

*- کاتی ڕووبەڕووبوونەوەکە: 3 سێ ساڵ و 287 ڕۆژ.
*_ژمارەی ئەو ئەمریکییانەی کە کوژران: 3000 سێ هەزارە.
*-ژمارەی بریندارەکان: 22057 بیست و دوو هەزار و پەنجا و حەفت.
*_ژمارەی ئەو پۆلیسە عێراقییانەی کە کوژران: 12000 دوازدە هەزار پۆلیسن.
*-ژمارەی قوربانیان لە خەڵکی عێراق: 655 شەش سەد و پەنجاو پێنج هەزار.
*-ژمارەی کۆچکەرانی عێراقی: 2 دوو ملیۆن و400 چوارسەد هەزار.( 4 چوار ملیۆن و 150 سەد و پەنجا هەزار پەناهەندەی عێراقی هەیە ئێستە).
*_ ژمارەی کوژراوانی عێراقی: ڕۆژانە 100 بۆ 120 کەس بە هۆی تایەفەگەرییەوە.
*-ژمارەی هێزی ئەمریکی لە عێراقدا: 140 سەد و چل هەزارە.
*- ڕێژەی کەسانی یەدەک( الاحتیاط) لە پاسەوانی نیشتمانیی هیزی عێراقی: 16 %.
*- ژمارەی کەسانی یەدەک کە ئامادەکران بۆ پشتگیری پرۆسەکانی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2001 وە بەشێوەیەکی بەردەوام، 500 پێنج سەد هەزار، بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی کە لە دیسەمبەر دەرچوو لە لایەن ناوەندی ژمارییاری حکومەتەوە.
*-خەرجی دارایی: 549 ملیار دۆلار بۆ عێراق و ئەفغانستان تا ساڵی 2007. ( هەڵبەتە بۆ شەڕ نەک بۆ ئاوەدان کردنەوە ،م).
*- ئەو پێنج شارە گەورەی کە زۆرترین کوژراویان هەبوو ( کالیفۆرنیا، تکساس، بنسلفانیا،نیویۆرک و ئاوهاو.
( سەرچاوە: ماڵپەرەکانی سەرژمێری کوژراوەکان لە ریزی هێزەکانی هاوپەیمانان و ڕاپۆرتی ڕۆیرتز بۆ دەنگوباس و ماڵپەڕی گلوباڵ سیکوریتی و ناوەندی لێکۆڵینەوەی کۆنگرس و دەزگای ژمیریاری حکومەتی ئەمریکی).